# رۆڵی دەزگای چاودێری میدیایی، بۆ کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن لە هەرێمی کوردستان

**گەشاو عەلی فەرەج**

بەشی راگەیاندن، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**ئیمەیڵ:** gashaw.ali.2017@gmail.com

**سامان جەلال مەولود**

بەشی راگەیاندن، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**ئیمەیڵ:** dr.samanjalal@gmail.com

## پوختە:

ئەم تویژینەوەیە بەناونیشانی (رۆڵی دەزگای چاودێری میدیایی، بۆ کەناڵەکانی تەلەفزیۆن لەهەرێمی کوردستان)ە. مەبەستی سەرەکی لەم توێژینەوەیەدا دۆزینەوەی ئەو رێگا و شیوازو چارەسەرییانەیە کە بۆ چاودێری جولەو ناوەرۆکی پەیامی کەناڵەکانی تەلەفزیۆن گرنگ و پێویستن نەک دروست کردنی (سانسۆر) لەسەرئازادی رادەربرین .

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی بەکارهاتووە لەسەر ئەو بنەمایەی کە میتۆدێکی گونجاوە لەگەڵ ئەو ئامانجەی توێژەر دەیەوێ بەدەستی بهێنی, هاوکات ئەنجامدانی چاوپێکەوتن و راپرسی بەبەکارهێنانی کەرەستەی ئاماری (spss) بەکارهاتووە تیایدا، تاوەکو بگەین بەزۆرترین داتاو زانیاری و گەیشتن بە ئامانجی بنچینەیی کێشەی توێژینەوەکە , کەخۆی لە نەبوونی دەزگای چاودێری سەربەخۆیی میدیایی و لاوازی ئەو دەزگاو یاساو رێسایانەی کە لەهەرێمی کوردستان بۆ چاودێریکردنی کەناڵەکانی تەلەفزیۆن بوونیان هەیە.

توێژی پسپۆرو ئەکادمی بواری راگەیاندن , ڕۆژنامەوانان ومیدیاکاران لەهەر چوار پاریزگاکانی کوردستان (هەولێر,سلێمانی,دهۆک,هەڵەبجە)بە شێوەی نموونەی هەرەمەکی وەک کۆمەڵگەو سامپڵی توێژینەوەکە وەرگیراون.

کرۆکی ئەم توێژینەوەیە لە پێنج بەشی سەرەکی پێکهاتووە , لە بەشی یەکەم چوارچێوەی گشتی توێژینەوە, بەشی دووەم چەمک و ناسینی میدیاو تەلەڤزیۆن ,بەشی سێیەم باسی قۆناغەکانی دروست بوون وگەشەکردنی تەلەڤزیۆنی لۆکاڵی و ئاسمانی لەهەرێمی کوردستان دەخاتە ڕوو , بەشی چوارەم پێک هاتووە لە چەمک وپێناسی دەزگای چاودێری


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

بۆ جوڵی میدیایی , دەزگای چاودێری لەڕووی دەسەڵات ویاساو جێ بەجێ کردنیەوە ,بەشی پێنجەم باس لە چاودێری میدیایی لە سستمی دەسەڵاتداری جیاوازدا دەکات.

سەرئەنجام لەم توێژینەوەیەدا توێژەر گەیشتە ئەو راستییەی دەزگای چاودیری میدیایی بۆ هەرێمی کوردستان بەتایبەت بۆ کەناڵەکانی تەلەفزیۆن پێویستە، هەروەها هەموو ئەو یاساو رێسایانەی کە مامەڵە لەگەڵ میدیا دەکەن، پێویستە هەموارو دەستکاری بکرێنەوە، لەهەمان کاتدا یاساو رێسای نوێی سەردەمیانە بوونیاد بندرێت. زیاتر لەمانە ئەو دامەزراوە فەرمیانەی کە تەداخولی میدیا دەکەن، فۆکەسی سەرەکیان لەکەناڵەکانی تەلەفزیۆن لەهەرێمی کوردستان، لەسەر کوالیتی و ناوەرۆکە میدیاییەکان بێت.

**وشە سەرەکیەکان:** رۆڵ، دەزگای چاودێری میدیایی، کەناڵەکانی تەلەڤزیۆنی، هەرێمی کوردستان.

## پێشەکی:

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن و بەدواداگەڕانی بوون و نەبوون و لاوازی و رۆڵی دەزگاکانی چاودێری میدیاییە بۆ کۆی کەناڵەکانی راگەیاندن، لەسنوری هەرێمی کوردستان_ عێراق . بێگومان جولەی میدیا، گەر بەشێوەیەکی نا ئەکادیمی و دوور لەپێوەرە زانستییەکان، هەنگاو بنێت بەدڵنیایی دەبێتە نانەوەی ئەزیەت و دروستکردنی کێشەو ئاستەنگی بۆ خودی کەناڵەکانی راگەیاندن و دامەزراوەکانی دەوڵەت و یاساو رێساو ئاین و ئایدیۆلۆجییەکان، لەسەرووی هەمووان تاک و کۆمەڵگە تووشی زەرەمەندی گەلێک دەبنەوە. بۆیە لێکۆلینەوە لەچۆنێتی جولەی ئەو دەزگاو دامەزراوەو یاساو رێسایانەی کە رۆڵی چاودێریکردنی دەزگاکانی راگەیاندن لەهەرێمی کوردستان دەبینن، کارێکی گرنگ و پێویستە، تا زانیارییەکانی نێو کەناڵەکانی راگەیاندن کوالیتییەکانیان بەرزبکەنەوەو نەبنە لەمپەر لەبەردەم دروستی پێداویستییەکانی خەڵک لەپێشوازی زانیارییەکانی نێو میدیا.

کاری میدیا هەر تەنها پەخش و بڵاوکردنەوەی زانیاری نی یە بەهەرەمەکی ، بەڵکو گرنگە لێکدانەوە بۆ قەبارەی کاریگەرییە نیگەتیڤ و پۆزەتیڤییەکانی بکرێت. بۆیە تێپەڕبوونی کۆی ئەو زانیاریانە بەفلتەرو رێ و شوێنی یاسایی و ئەکادیمی گرنگە. وەگەشە و پێشکەوتنی میدیاکان، کەوتن و هەستانەوەیان، بەتایبەتی کەناڵەکانی تەلەفزیۆن، بۆ ئەو مەبەستە ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ دەستنیشانکردنی ئازادی رادربرین لەناوەڕۆکی پەیامی کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن کە پانتایی بینەرەکانیان فراوانەو کەناڵی هەستیارن و زۆرترین کاریگەری دەنوێنن، دەکرێت دەیان لیکۆلینەوەی جیاوازو جۆراوجۆری لەبارەیەوە ئەنجام بدرێت، بۆیە ئەم توێژینەوەیە بۆ میدیاوکۆمەڵگەی کوردی و ناوەندە ئەکادیمیەکانی میدیا بەپێویست زاندرا.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

ئەم تـوێژینەوەیە، لەپێنج بەش پێکهاتووە,بەپشـت بەسـتن بە میتـۆدی وەسـفی و رووپێوی لەپێنـاو گەیشـتن بە ئامـانجی بنچینەیی کە لە پیگەو ڕۆڵی دەزگای چاودێری میدیایی بۆ کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن لە هەرێمی کوردستان کورت دەبێتەوە، ئەمەش پاش تیشک خستنە سەر ڕەوشی میدیای کوردی و کەناڵەکانی تەلەڤزیۆنی لۆکاڵی وئاسمانی لەسایەی یاسا بەرکارەکان و ئی‌تیکی کاری میدیایی , وە خوێندنەوەی بڕگەکانی فۆرمی ڕاپرسییەکە لە لایەن پسپۆران وهەڵسەنگاندنیان , دواتر پڕکردنەوەی لەلایەن توێژێکی دیاریکراوی پسپۆرو ئەکادمی میدیایی و میدیاکارو رۆژنامەوانان .

توێژەرلە هەردوو ڕووی تیۆری وپراکتیکیەوە , دوای خستنە ڕووی مانـاو چەمک وئەرک و گرنگی دەزگای چـاودیری میـدیایی بـۆ کەناڵەکـانی تەلەڤزیـۆن , لە هەرێمـی کوردسـتان , قۆناغەکـانی ئەنجامـدانی و شـوێن وپـێگەی لە سسـتمە سیاسیەجیاوازەکاندا خستۆتە ڕوو, لەگەل هۆکارەکاریگەرەکـان ولیکدانەوەیان تـا گەیشـتن بە چەنـد ئەنجـامێکی گرنـگ . هاوکـــات کۆمەڵێـــک ڕاســـپاردەی پیشکەشـــکردووە بە ئامـــانجی بەرچـــاوڕوونی و زانیـــاری زیـــاتر دەربـــارەی ڕاوبۆچونەجیاوازەکان سەبارەت بە بوونی دەزگای چاودیری میدیایی و زانینی ئاستەنگ و لەمپەرەکانی بەردەم دروست نەبوونی دەزگای ناوبراو.

بەشی یەکەمی توێژینەوەکە تایبەتە بە (چوارچێوەی توێژینەوە) پیک هـاتووە لە گرنگی تـوێژینەوە ,ئامـانجی تـویژینەوە , کێشـەی تـویژینەوە , بـوارو سـنورو کـۆمەڵگەی تـوێژینەوە ,ریبـازو کەرەسـتەی بەکارهـاتوو لە تـوێژینەوەکەدا . ,لەبەشـی دووەمـدا، باسـی تیۆرەکـانی میـدیا کـراوە , بەتـایبەتی هەردوو تیـۆری دەرگـاوان و تیـۆری بەرپرسـیاریتی کـۆمەلایەتی. هەروەها لەبەشی سێیەمدا باس لە قۆناغەکان و گەشەکردنی کەناڵەکانی تەلەفزیۆن لەهەرێمی کوردستان دەکرێت. پاشـان لەبەشی چوارەمدا، باس لە سیستەمەکانی چاودێری میدیایی دەکرێت ئەنجامدانی لە ڕووی یاسـا ودەسـەڵاتەوە , لەڕووی جێ بەجێکردنەوە , لە ڕووی کاتەوە,وەپالنەرەکانی پشت پیادەکردنی پرۆسەی چاودێری جولەی میدیایی بـۆ کەناڵەکـانی تەلەڤزیـۆن لەهەرێمـی کوردسـتان دەخـاتە ڕوو . لەدواهەمـین بەشـدا بـاس لە بـوون و نەبـوون و چـۆنێتی دەزگاکـانی چاودێری میدیایی لەهەرێمی کوردستاندا دەکرێت.

## باسی یەکەم/ چوارچێوەی گشتی توێژینەوە:

### ١-١: گرنگی توێژینەوە:

توێژەر، ئەنجامدانی توێژینەوەی لەبارەی بوونی دەزگایەکی چاودێری لە مەیدانی میدیایی کوردیدا بەگرنگ زانی، بە واتای فلتەرکردنی پەیام و ناوەڕۆکی کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن, هەروەها بۆ سەرپەرشتی و ڕێکخستنی میدیا بەگشتی، بە پێویستییەکی گرنگی قۆناغەکانی دادەنێ، کە هۆکاری سەرەکی هەڵبژاردنی بابەتەکەیە بەتایبەتی دوای سەرهەڵدان و دامەزراندنی ژمارەیەکی بێ شومار لە کەناڵەکانی تەلەڤزیۆنی لۆکاڵی و دواتر ئاسمانی لە کوردستان، دوای فراوان بوونی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

ئازادی رادەربڕین کەکەشێکی نائاسایی خولّقاندووە لە فەزای راگەیاندن لە هەرێمی کوردستان دا. گرنگی هەبوونی دەزگای چاودێری میدیایی ورۆڵ بینینی دامەزراوەو کەناڵەکانی چاودێری میدیایی لە هەرێمی کوردستان بە گرنگ دەزانرێت، هەموو ئەو گرنگیانە بوونەتە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە، لەپێناو رێکخستنی سەردەمیانەی پەیام و کارو چالاکی کەناڵەکانی تەلەڤزیۆنە لە هەرێمی کوردستان، بەزرکردنەوەی ئاستی کوالێتی ناوەڕۆکی پەیام و پرۆگرامەکانیان، هەروەها بەرزکردنەوەو گەشەکردنی ئاستی رۆژنامەنووسان و راگەیاندنی کوردی یە، تا ببێتە هۆکارێک بۆ کەمکردنەوەی گرفت و زیانە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتووری و نەتەوەیی و دەروونییەکان کە لە رێگەی پەیامی کەناڵەکانی تەلەڤزیۆنەوە دروست دەبن.

## 1-٢: کێشەی توێژینەوە:

نەبوونی دەزگای چاودێری میدیایی بۆ کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن لە هەرێمی کوردستان، وەلاوازی ڕۆڵی ئەویاساو دامەزراوانەی کە رۆڵی چاودێری و رێکخستنی میدیاو کاری رۆژنامەوانی و کەنالەکانی تەلەڤزیۆن دەبینن لە هەرێمی کوردستان.

## 1-٣: ئامانجی توێژینەوە:

توێژینەوەی زاستی لە ئەمڕۆدا، ((بەرەو تایبەتمەندبوون و چارەسەرکردنی وردەکاری هەنگاو دەنێت، تیشک دەخاتە سەر هۆکارو ئەنجامەکانی، هەروەها ئامانجی دەرخستنی راستییەکان و بەدەستهێنانی چارەسەرە بۆ کێشەیەک)).

ئامانجی توێژینەوە خۆی دەبینێتەوە لە:

– پێگەو رۆڵی دەزگای چاودێری بۆ کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن لە هەرێمی کوردستان.

– دەستنیشانکردنی هۆکارو ئاستەنگەکانی نەبوونی دەزگایەکی ستاندار بۆ چاودێری بە مەبەستی سەرپەرشتی و رێکخستنی کەناڵەکانی تەلەڤزیۆنی لۆکاڵی و ئاسمانی لە هەرێمی کوردستان.

– لێکدانەوەی پرسەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، یاسایی، ئیتیکی و پیشەیی، وەکو هۆکارە کاریگەرەکان بۆ سەر میدیای کوردی.

– زانینی گۆشەنیگاو تێڕوانینی کەسانی پسپۆرو ئەکادیمی بواری راگەیاندن و مامۆستایانی زانکۆو یاساناس و لایەنی فەرمی دامەزراوەکانی پەیوەندیدار بە بواری راگەیاندن بەگشتی و تەلەڤزیۆن بەتایبەتی.

– رێگەخۆشکردن بۆ گەلاڵەکردن و هەوڵدان بۆ دروست بوونی دەزگای چاودێری بۆ کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن لە هەرێمی کوردستان، بە ئامانجی کەمکردنەوەی گرفت و ئەو کێشانەی کە لە ئەنجامی پەخش و بڵاوکردنەوەی پەیامی ناپیشەیی کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن دروست دەبن.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

– ڕێکخستنی دامەزراوەو کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن لە هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی سەردەمیانەو هاوچەرخ کە گونجاو بێ لەگەڵ خواست و ئارەزووی جەماوەرو کلتووری کۆمەڵگەی کوردی لە هەرێمی کوردستان.

## 1-٤: میتۆدی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە لە رووی میتۆدەوە بە وەسفی دەژمێردرێت،((میتۆدی وەسفی ئامانجی وێناکردن و شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی دیاردەکەیە، یاخود هەڵوێستێکی دیاریکراو دەستنیشان دەکات لەسەر تایبەتمەندی دیاریکراو لە فاکتە چەسپاوە پەیوەندارەکان بە سروشتی دیاردەکەو لێکۆڵینەوە لەبارەیەوە، وەک جەختکردنە سەر وەسفی تەواو و وردی دیاردەکە لەپێناو گەیشتن بە ئەنجامە زانستییەکان، لێکدانەوەیان بە ڕێگەیەکی بابەتیانە کە لەگەڵ پێدراوە کردارییەکانی دیاردەکە بگونجێت)). توێژەر میتۆدی وەسفی هەڵبژاردووە تا بە زانیارییە پەیوەندارەکان بە رۆڵی دەزگای چاودێری میدیایی و چارەسەری کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە بگات. کە نەبوونی دەزگای چاودێری میدیاییە بۆ کەناڵەکانی تەلە ڤزیۆن لە هەرێمی کوردستان، بەوهۆیەوە توێژەر وەسفی بابەتی توێژینەوەکەی لەناو بواری شوێن و کاتی توێژینەوەکەدا کردووە.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵی داوە لە ڕێگەی رووپێوکردنەوە لە پرسی نەبوونی دامەزراوەیەک بۆ چاودێری و ڕێکخستنی کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن لە هەرێمی کوردستان بکۆڵێتەوە، هەر لەو ڕێگەیەوە لایەنە بەهێزو لاوازەکانی پرس و رەهەندەکانی کێشەی توێژینەوەکەی دیاریکردووەو کردوویەتە هۆیەک بۆ گەیشتنە ئەنجامێکی دروست.

## 1-٥: کەرەستەکانی توێژینەوە:

ئەو ڕێگەو ئامرازانەی لە توێژینەوەکەدا بەکارهاتووە بریتین لە:

1) فۆڕمی راپرسی: فۆڕمی راپرسی،((کۆمەڵێک پرسیارو بەدواداچوونی هەمەجۆرو پەیوەندارە بەکێشەی توێژینەوەکە، بەشێوەیەک ئەو ئامانجانە بێنێتەدی کە لەبەرژەوەندی کێشەی توێژینەوەکەدا بێ، پاشان خستنە بەردەستی ئەو پرسیارانە بۆ کۆمەڵێکی دیاریکراو لەو تاکانەی کە وەک نموونەوسامپڵ بۆ توێژینەوەکە دەستنیشان کراون)).

٢) تێبینی کردن: ((تێبینی کردن، پرۆسەی چاودێری وسەرنجدانی جموجۆڵی دیاردەو حاڵەت وکیشەیەکە, بە مەبەستی دۆزینەوەی فاکتەرەکانی دروست بوونی، لەپێناو دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو و وەڵامدانەوەی پرسیارە بە ئامانج کراوەکان))، تێبینی کردن دەرفەتی رەخساند کە لەنزیکەوە سەرنجی کردارو رەفتارو گفتوگۆو پەیوەندییەکان وڕاو بۆچون و کاریگەرییەکانی کێشەکە بدەین لەسەر بارودۆخی سروشتی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە. لە ڕێگەی تێبینی کردنەوە توانیمان بەبێ دەستوەردانی هەر لایەنێکی دەرەکی بارودۆخ و کەشی سروشتی بابەت و کێشەکە هەست پێ بکەین، هەروەها سەرنجدان لەکۆی لایەنەکانی کێشەکەوکۆکردنەوەی زانیاری لەبارەیانەوە.

3) چاوپێکەوتن


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## ١-٦: كۆمەڵگەو سنووری توێژینەوە:

كۆمەڵگەو سنووری توێژینەوەكە بەسەرسێ بواردا پۆلێن كراوە:

1) بواری شوێن/ توێژەر هەرێمی كوردستانی وەک شوێنی جوگرافی توێژینەوەكە دەستنیشان كردووە، مەبەست لە هەرێمی كوردستان هەرسێ پارێزگای (هەولێر- سلێمانی- دهۆک) دەگرێتەوە.

2) بواری مرۆیی/ سامپڵی مرۆیی بۆ توێژینەوە، مەبەست لە وەرگرتنی بەشێكە لە كۆمەڵگەی سنووری توێژینەوەكە تا بەپێی ڕێساو شێوازی زانستیانە بكرێتە سامپڵێكی ڕاستەقینەی چین و توێژەكانی كۆمەڵگە لە بواری (ڕۆڵی دەزگای چاودێری بۆ كەناڵەكانی تەلەڤزیۆن لە هەرێمی كوردستان)ە كە خۆی لە ڕاپرسی و چاوپێكەوتن دەبینێتەوە.

3) بواری كات/ لایەنی تیۆری توێژینەوەكە لە ڕووی دەستنیشانكردنی كات، توێژەر ڕێكەوتی ئەنجامدانی توێژینەوەكە دەستنیشان دەكات كە (2019)ەیە, هەرچەندە توێژەر بوونی دەزگای چاودێری بۆ كەناڵەكانی تەلەڤزیۆن بە زەرورەت دەزانێ بۆ هەموو سەردەمەكانی بواری میدیا لە هەرێمی كوردستان.

## ١-٧: پرسیارو گریمانەی توێژینەوە:

1- ڕێنمایی و یاساو ڕێسا بەركارەكانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی كوردستان، لە توانایاندایە ئاسانكاری بۆ دامەزراندنی دەزگای چاودێری و ڕێكخستن بۆ جووڵەی میدیا لە هەرێمی كوردستان بكەن؟ یاخود بەپێچەوانەوە ڕێگرن.

2- دامەزراندنی دەزگای چاودێری بۆ كەناڵەكانی تەلەڤزیۆن لە هەرێمی كوردستان، دەتوانێ ڕۆڵی خۆی ببینی لە سەرپەرشتی وفلتەركردنی پەیامی كەناڵەكانی تەلەڤزیۆن؟

3- (ڕەشنووس و پڕۆژە پێشنیازكراوەكان) بۆ دامەزراندنی دەزگای چاودێری بۆكەنالەكانی تەلەڤزیۆن لە هەرێمی كوردستان، لەپێناو ڕاگەیاندنێكی بابەتی و پیشەییە؟, بە لەبەرچاوگرتنی بەرپرسیارێتی كۆمەڵایەتی؟ یاخود بۆ بەرتەسكردنەوەی ئازادی ڕادەربڕینە بە پاساوی پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی و نەتەوەیی و كۆمەڵگە؟

4- یاساكانی ڕۆژنامەوانی و ڕاگەیاندن لە هەرێمی كوردستان، گرەنتی، فەراهەمكردنی دروست بوونی دەزگایەكی چاودێری بۆ كەناڵەكانی تەلەڤزیۆن دەكات؟

## باسی دووەم: پێناسەو چەمكەكانی توێژینەوە

### 2-1-1: میدیاو ئەركەكانی میدیا:

میدیا لە (معجم المصطلحات الأعلاميه) بەم جۆرە پێناسەی میدیا كراوە:

- ((ئەو ناوەندە هاوچەرخەیە كە دەتواندرێت بەهۆیەوە پەیام ئاڕاستەی جەماوەر بكرێت، دەتواندرێت لە ڕێگەیەوە ڕاوبۆچوون و زانیارییەكانیان پێ بگەیێندرێت، لە هەر كوێ بن لە ڕێگەی ناوەندێكی میدیاوە وەک ئامرازەكانی بینراو و



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

بیستراو و چاپكراو كە ئەركی ڕاگەیاندن و ئاراستەكردن و ڕێنمایی و هۆشیاركردنەوەو ڕۆشنبیری كردن و ڕەواجی پێدان دەبینن)) (د. كرم الشلبی, ١٩٩٤، ل601).

## چەمكی میدیا:

ئەو پرۆسە ڕۆژنامەنووسیەیە، كە بە ئاگابوونی هەواڵنێری ڕۆژنامەوانی بە زانیاری بایەخدار دەست پێ دەكات، زانیارییەک كە شایەنی بڵاوكردنەوەو گواستنەوە بێ، پاشان قۆناغە یەک لە دوای یەكەكانی دێت، كۆكردنەوەی زانیاری لە سەرچاوەكانیەوە، گواستنەوەو وەرگرتن و داڕشتنەوەو دواتر بڵاوكردنەوەی لە ڕێگەی ئامرازو هۆكارەكانی میدیاوە بۆ لایەنێک كە بەلایەوە جێی مەبەست و بایەخ پێدانە لای (د. سامی زوبیان, ٢٠٠٨، ل41).

واتە بۆ ناوەڕۆک و پەیامی میدیایی، بوونی دەستەیەک یان گرووپێک یاخود جەماوەرێک دەبێ هەبێ كە بایەخ بە زانیارییەكان بدات، گرنگترین لە گرنگەكان جیابكاتەوە، لە ڕێی ئەو ڕۆژنامەنووسانەشەوە كە لە نێوان گۆڕەپانی بڵاوكردنەوە یان پەخشكردندا دەكەوێتەوە، ڕاگەیاندن دروست دەبێ (د. فاروق خالد, ٢٠٠٩، ل68).

## - ئەركەكانی میدیا:

– میدیا چەندین ئەركی هەیە، كە دەكرێت ئاماژە بە گرنگترینیان بدەین:

ئەركی میدیایی خۆی لە كۆكردنەوەی هەواڵ و داتاو زانیاری وێنەو پەخشكردنیان دەبینێتەوە، دوای هەڵبژاردن و ڕێكخستنیان لە چوارچێوەی ئیتیكی میدیایی و پاشان بڵاوكردنەوەی. لەپێناو پەرەسەندنی كۆمەڵایەتی و خزمەتكردنی كۆمەڵگە, لەشێوەی

– دیالۆگ و گفتوگۆو لێكتێگەیشتن، وە زەمینەسازی بۆ گەشەكردنی مرۆیی لە ڕێگەی بەرنامەو پرۆگرامی ڕۆشنبیركردن و پەروەردەیییەوە, وەبایەخدان بە بەرهەمی فكری و ڕای جۆراوجۆر, پاراستی زمان و گەشەپێدانی كلتوری هەروەها خۆشی و كات بەسەربردن (د. مصطفی المصعودی, ١٩٨٥، ل196).

## 2-1-2: تەلەڤزیۆن و ئەركەكانی، خەسڵەتەكانی تەلەڤزیۆن:

## شێوازو جۆرەكانی موڵكایەتی كردنی تەلەڤزیۆن:

تەلەڤزیۆن، ئامرازێكی میدیایی گشتی و كەناڵێكی جەماوەرییە، هۆكارێكی گەیاندنی بەهێزی میدیاییە بۆ سەرجەم ئاستە جیاوازەكان و چین و توێژەكانی كۆمەڵگە، كاریگەرترین هۆكانی پەیوەندی جەماوەرییە (مولود زاید طیب, ٢٠٠٩، ل13).

لەگەڵ پێشكەوتنی زانستی تەكنەلۆژیای بەردەوام،وە سەرهەڵدان و گەشەكردنی جیهانگیری میدیایی، تەلەڤزیۆن بەهێزو بە تواناتر بوو. هەمیشە پانتایی بینەرانی لە زیادبووندایەو بەربەستە جوگرافییەكانی تێپەڕاندووە بەهۆی مانگە دەستكردەكان و كارلێكردنی لە ڕێگەی كێبڵ و وایەرلێس و ئینتەرنێت گەشەی خێراتری بەخۆوەدی، بەڕادەیەک هەموو


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

بەربەستەكانی تێپەڕاندوو چووە ناو ژیانی تاك و كۆمەڵگە بەگشتی، بەڵكو بۆتە ناوەندێكی گەیاندن كە لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەكانی زۆر فراوانترو كاریگەرتر بوون (جون كورن, ١٩٩٩، ل١٦٢).

## ئەركەكانی تەلەڤزیۆن:

میدیای بینراو وەك یەكێك لە ناوەندە گرنگەكانی میدیا، چەندین ئەركی لەخۆ گرتووە، ئەو ئەركانەی تەلەڤزیۆن رایان دەپەڕێنێت فراوانترو هەمەڕەنگترن لەو ئەركانەی ناوەندەكانی دیكەی میدیا ئەنجامی دەدەن كە لێرەدا ئاماژە بە هەندێكیان دەدەین:

1- گرنگترین ناوەندەكانی پەیوەندی كردنە.

2- ناوەندێكی چالاك و هەمەڕەنگە بۆ دروستكردنی بیروڕاو لێكدانەوەو ئاراستەكردن.

3- ئەركی رۆشنبیری یە.

4- ئەركی فێركردن و پەروەردەیە (جولد جاك, ١٩٧١، ل٣٩).

## خەسڵەتەكانی تەلەڤزیۆن:

تەلەڤزیۆن چەندین خەسڵەت لەخۆ دەگرێت، كە وایان كردووە لە هەر ناوەندێكی دیكەی میدیا جیاواز بێ لەبەرئەوەی میدیایەكی ئاوێتەیە لە بینین و بیستن، وە پەیوەستە بە كاتەوە زیاتر لەگەڵ زەمەندا كاردەكات، وەك لە رووبەردا، بەوهۆیەوە بەرنامەكانی تەلەڤزیۆن لە كاتێكی دیاریكراو پەخش دەكرێن و دەرفەت نییە بۆ هەڵبژاردنی بەشێكی دیاریكراو. یان گەڕانەوە بۆ ئەو بابەتەی كە بینەر بینیوێتی، تەنها لەوكاتەدا نەبێ كە بە ڤیدیۆ تۆماركرابێ یاخود لە دووبارە پەخشكردنەوە ببینرێت. هەر ئەو هۆكارەش پاڵنەرە كە تەلەڤزیۆنەكان بەرنامەكانیان دووبارە بكەنەوە بۆ رۆژی دواتر(جون كورن, ١٩٩٩، ل١٦٧).

- تەلەڤزیۆن، ناوەندێكی ئاڵۆزەو تێچووی زۆری بۆ كارپێكردن دەوێت.

- تەلەڤزیۆن و وەك سەرچاوەیەكی داهات زیاتر لە ناوەندەكانی تری میدیا سوود لە ریكلام وەردەگرێ و دەتوانێ پشت بە داهاتەكەی ببەستێ.

- تەلەڤزیۆن, ئارەزووی بەلای ئەو چارەسەركردنانەوەیە كە فۆڕمی گێڕانەوەیان هەیە زیاتر لە شێوەكانی لێكدانەوە, لە تەلەڤزیۆن.. زمانی وێنە بەسەر ئەقڵ و چاوی مرۆڤدا زاڵ دەبێت بەتایبەتی دوای بڵاوبوونەوەی كەناڵی ئاسمانی و هاتنی سەردەمی مانگە دەستكردەكان (د. تیسیر احمد أبو عرجه, ٢٠٠٦، ل127-128).

- تەلەڤزیۆن, توانای گواستنەوەی بینەرانی بۆ جێگاگەلێك هەیە كە زەحمەتە لە شوێنە ئەسڵیەكانیان یان سروشتییەكانیانەوە ببینرێن یاخود هەر بتوانن بچنە ئەو شوێنانەوە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

– تەلەڤزیۆن, وەک رەگەزێکی بنەڕەتی پشت بە وێنە دەبەستێت کەمتر پشت بە وشە دەبەستێ کە بە خاڵێکی سەرنجڕاکێش لای بینەر ئەژمار دەکرێ هەروەها توانای گەیشتن بەجەماوەر لە تەلەڤزیۆندا لە ناوەندەکانی تری میدیا زۆر زیاترە (صباح مجید، ٢٠٠٧، ل7).

## باسی سێیەم: قۆناغەکانی دروستبوون و گەشەکردنی تەلەڤزیۆن لەهەرێمی کوردستان

### - قۆناغەکانی گەشەکردنی تەلەڤزیۆن لە هەرێمی کوردستان..

تەلەڤزیۆن وەک بەشێکی دانەبڕاوە لە ژیانی رۆژانەی خەڵک و شارستانیەتی جیهانی بەشێوەیەکی یەکسان لە هەموو شوێنێک وەک یەک پێشنەکەوت. (د. خالد حبیب الراوی، ٢٠٠١، ل25).

### یەکەم/ سەرهەڵدانی تەلەڤزیۆنی کوردی لە پێش راپەرینی ساڵی 1991:

– مێژووی تەلەڤزیۆنی کوردی زۆر دوور نییە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیست، کە لە دوای هاتنی رژێمی بەعس بۆ سەر دەسەڵات لە ساڵی (1968)، هەرلەوساڵەدا لە رێکەوتی (1968/11/18) تەلەڤزیۆنی کەرکووک دامەزرا، کە تا پێش ئەو بەروارە تەلەڤزیۆنی کوردی نەبوو لە هەر چوار پارچەی کوردستانی گەورە.

تەلەڤزیۆنی کەرکوک بەرنامەکانی پەخش دەکرد بە زمانی کوردی (شێوەزاری کرمانجی خواروو، عەرەبی و سریانی و تورکمانی)، بەڵام دوای رێککەوتننامەی (11)ی ئاداری (1970) زۆرینەی بەرنامەکانی بە زمانی کوردی پەخش دەکران (سەباح مەجید، ٢٠٠٧، ل25).

بێگومان دامەزراندنی تەلەڤزیۆنی کەرکووک بێ ئامانج نەبوو وە لەژێر چاودێری و سەرپەرشتی رژێمی دەسەڵاتداری ئەوکاتەوە بەڕێوە دەبرا، لەگەڵ ئەوەی گرنگی زۆری دەدا بە بواری هونەرو گۆرانی و میوزیکی کوردی، بەڵام لەژێر چاودێری توونددا تێدەپەڕی لەپێناو خزمەتکردن بە بیری شوڤێنی و بەعسیزم بەتایبەتی لە دوای ساڵی (1974) بەدواوە سانسۆڕو چاودێری زیاتری خرایە سەر، تا ساڵی (2003) لە دوای رزگارکردنی عێراق وکۆتایی دەسەڵاتی رژێمی بەعس، پەخشی تەلەڤزیۆنی ناوبراو لەکار وەستا (سەباح مجید، ٢٠٠٧، ل28).

لە ساڵی (1978) بەشی کوردی لە تەلەڤزیۆنی مووسڵ کرایەوە کە ماوەی پەخشی تەنها دوو کاتژمێرو نیو بوو، بەشێوەزاری کرمانجی ژووروو بوو، ئەم تەلەڤزیۆنە پەخشی بەردەوام بوو تا ساڵی (1990) دواتردا خرا، پاشان لە ساڵی (1992) دووبارە دەستی بە پەخشی بەرنامەکانی کردەوە بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و سریانی بەردەوامی هەبوو تا رووخانی رژێمی بەعس و ئازادکردنی عێراق لە (2003)دا.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

تەلەڤزیۆنی مووسڵ (بەشی کوردی) لە رووی ستراتیژو ئامانج و چاودێری راستەوخۆی دەسەڵاتتدا بووە لە رووی ئاماژەنەدان بە هەستی کوردایەتی و خزمەتکردنی بیروڕاو دەسەڵاتی رژێمی ئەو سەردەمە (د. خالد حبيب الراوي، ٢٠٠١، ل114).

## دووەم/ سەرهەڵدانی تەلەڤزیۆنی کوردی لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991.

- دوای راپەڕینی گەلی کوردستان لە ئاداری (1991) وە گەڕانەوەی سەرجەم پارتە کوردییەکان بۆ ناو شارەکانی هەرێمی کوردستان و دامەزراندنی بنکەو بارەگاکانیان تیایدا، پاشان لە ساڵی (1992) بڕیاری هەڵبژاردن درا بەشێوەیەکی دیموکراسی بۆ دامەزراندنی پەرلەمان وحکوومەتی هەرێمی کوردستان و بە دامەزراوەییکردنی سەرجەم کایەکانی حوکمڕانی.

پڕۆسەی هەڵبژاردن بووە هۆی دانانی بەردی بناغەی راگەیاندن و تەلەڤزیۆنی کوردی بەگشتی لە هەرێمی کوردستان، هەرچەندە پێشتر لێرەو لەوێ پارتە سیاسییەکان چەند کەناڵێکی تەلەڤزیۆنی ناوخۆییان لە شارە گەورەکان دامەزراندبوو وەک سەرەتایەک بەمەبەستی بانگەشە بۆ کارو چالاکی و پرۆگرامی حزبەکانیان وەک خۆناساندن بە جەماوەرێکی فراوانتر لە پێشوو، هەروەها بە ئامانجی خستنەڕووی پلانی داهاتوویان و گەیاندنی پەیامیان بە جەماوەرەکانیان (ئەمیر نامیق، ٢٠٠٥، ل36).

یەکەم تەلەڤزیۆنی ناوخۆ لە دوای راپەڕین لە (١٩٩١/٩/١١) دامەزرا لە شاری سلێمانی لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەناوی (تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان). دواتر لەهەمان ساڵدا تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان(کەناڵی دهۆک) دامەزرا, تاساڵی ١٩٩٤ بەردەوام بوو کە لەلایەن مەڵبەندی چواری یەکێتی نیشتمانی کوردستان سەرپەرشتی دەکرا. (سە باح مجيد، ٢٠٠٧ ل32).

پاشان (تەلەڤزیۆنی پارتی) لە دهۆک، لەلایەن پارتی گەلی دیموکراسی کوردستان دامەزرا. هەروەها (K.tv) (تەلەڤزیۆنی کوردستانی مەرکەزی) لە (1992/5/14) لە پیرمام دامەزرا لەلایەن (پ. د. ک).

- (K.tv) لە سلێمانی لە ئەیلوولی (1992) لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان دامەزرا تا ساڵی (1994) بەردەوام بوو.

- (tv یەکگرتن) کەناڵی شارەزووری پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان دامەزرا لە مانگی نیسانی (1993 بۆ 1994) بەردەوامی هەبوو.

- (tv یەکگرتن) کەناڵی دهۆکی پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان بوو لە مانگی 10ی (1993 بۆ 1994) بەردەوام بوو.

- (tv مافی مرۆڤ) لە (1996/1/19) لە شاری دهۆک دامەزرا لەلایەن (داود باغستانی) کە وەک سیاسییەکی سەربەخۆ خۆی ناساندبوو. (محمد فريق حسن، ٢٠٠٧، ل32)

جگە لەمانە لە ماوەی ساڵانی (1991 تا 1997) چەندین تەلەڤزیۆنی تری ناوخۆ دامەزراند، بەڵام زۆرینەی ماوەی پەخشیان زۆر کورت بوو، شایانی باسە ئەمانەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کردن ئێستا لەکار وەستاون بەهۆی شەڕی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

ناوخۆوە، هەندێکی تریان بەهۆی قەیرانی داراییەوە نەیانتوانی بەردەوام بن. بەڵام چەند کەناڵێکی دیکە هەن کە تا ئێستا پەخشیان بەردەوامەو کەناڵی سەرکەوتوون لە مەیدانی ڕاگەیاندنی کوردیدا لەوانە:

– (تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان) کەناڵی سلێمانی کە لە ساڵی (1991) لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە دامەزرا، هەمان کەناڵ لە هەولێر دامەزرا لە ساڵی (1992) کە بە یەکەمین تەلەڤزیۆنی کوردی ناوخۆ دادەنرێ لە شاری هەولێر. (سەباح مجید، ٢٠٠٧، ل37–38)

– (K.tv) دهۆک لە (1992/5/3) لەلایەن (پ. د. ک) دامەزرا.

– (K.tv) مەرکەزی– لە هاوینەهەواری پیرمام کە پێشتر ئاماژەمان پێدا لەلایەن (پ. د. ک) دامەزرا لە (1992/5/14)، پاشان لە ساڵی (2005) ئەم تەلەڤزیۆنە لەگەڵ تەلەڤزیۆنی گوڵان بوون بە یەک بەناوی (کەناڵی ئاسمانی زاگرۆس).

– (tv ئازادی) کەناڵی سلێمانی کە لە (1992/10/23) لەلایەن حزبی شیوعی کوردستان دامەزرا، هەمان تەلەڤزیۆن کەناڵی دهۆک لە (1997/10/6) دامەزرا.

– (tv پارتی پارێزگاران) کەناڵی هەولێر لە مانگی شوباتی ساڵی (1992) لەلایەنی پارتی پارێزگارانی کوردستان دامەزرا.

– (tv ئاکرێ) کە لە (1993/4/25) لەلایەن (پ. د. ک) لە ئاکرێ دامەزرا.

– (tv بزووتنەوەی ئیسلامی) کەناڵی بێتواتە کە لە ساڵی (1993) دامەزرا لەلایەن بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان، لە دوای شەڕی نێوان بزووتنەوەی ئیسلامی و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بارەگاکەی گواسترایەوە بۆ هەڵەبجە.

– (K.tv) کەناڵی دەروازەی ڕاپەڕین لە (1994/11/9) دامەزرا لەلایەن (پ. د. ک).

– (tv زەحمەتکێشان) کەناڵی هەولێر کە لە مانگی ئاداری (1993) دامەزرا لەلایەن حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانەوە.

– (tv یەکگرتووی ئیسلامی) کەناڵی هەولێر لە (1995/3/16) لەلایەن یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانەوە دامەرزا، هەمان تەلەڤزیۆن کەناڵی سلێمانی لە (1995/7/1) دامەزرا، هەروەها لە ساڵی (1998) هەمان تەلەڤزیۆن کەناڵی دەربەندیخان دامەزرا.

– (tv هەرێم) لە مانگی ئابی ساڵی (1992) لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە لە شاری هەولێر دامەزرا، کە یەکەمین تەلەڤزیۆنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بوو کە لە ساڵی (2005) پەخشی گەیشتە شارەکانی دهۆک و سلێمانی و کەرکووک.

شایانی باسە زۆرینەی ئەو تەلەڤزیۆن و کەناڵانە زمانحاڵی حزب و پارتە دامەزرێنەرەکانیان بوون لە سەرەتای دروستبوونیانەوە بەتایبەتی لە ماوەی ساڵانی (1991 بۆ 1997) کە بە سەرەتای لە دایکبوونی تەلەڤزیۆن و ڕاگەیاندنی کوردی دادەنرێت، بەڵام هەر حزب و لایەنێک بەجیاوازی بیرو بۆچوون و ئایدۆلۆژیاوە چ عیلمانی بێ یان ئیسلامی یان نەتەوەیی، هەر پارتەو تەلەڤزیۆنێکی دامەزراند، پاشان لەشارەکانی تری کوردستان چەندین کەناڵی تەلەڤزیۆنی هاوشێوە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

لە ڕێبازوپەیام دامەزران تەنها لەپێناو بڵاوکردنەوەو خزمەتکردن بە ئایدۆلۆژیاو پەیڕەو و پڕۆگرامەکانیان (صباح مجید، ٢٠٠٧، ل39–41).

## سێیەم/ سەرهەڵدانی تەلەڤزیۆنی ئاسمانی (سەتەلایت) کوردی لە هەرێمی کوردستان:

کەناڵی تەلەڤزیۆنی ئاسمانی کوردی سەردەمێکی نوێی هێنایەکایەوە چ لە ڕووی گەشەکردنی خێرایی بواری راگەیاندن و تەلەڤزیۆنی کوردی وە چ لە ڕووی بەرەوپێشبردنی دۆزی کوردو ناساندنی زیاتری بە جیهانی دەرەوە، وە ئاشناکردنی زیاتری جەماوەری کورد بە دنیای دەرەوە. (محمود وەندی، ٢٠٠٣، ل193)

١) کەناڵی ئاسمانی کوردستان Kurdistan tv:

2) کەناڵی ئاسمانی کوردسات Kurdsat:

3) کەناڵی ئاسمانی زاگرۆس Zagros tv:

4) کەناڵی ئاسمانی ڤین Vin tv:

5) کەناڵی ئاسمانی سپێدە Speda tv:

6) کەناڵی ئاسمانی پەیام Payam tv:

7) کەناڵی ئاسمانی KNN:

9) کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان Gali Kurdistan:

10) کەناڵی ئاسمانی کۆرەک Korek tv:

11) کەناڵی ئاسمانی کەناڵ چوار Kanal 4:

12) کەناڵی ئاسمانی NRT:

13) کەناڵی ئاسمانی کەرکووک Kirkuk tv:

15) کەناڵی ئاسمانی کوردماکس Kurdmax:

16) کەناڵی ئاسمانی بادینان سات Badinan sat:

17) کەناڵی ئاسمانی ڕووداو Rudaw:

18) کەناڵی ئاسمانی ڕێگا Rega:

19) کەناڵی ئاسمانی وار WAAR tv:

20) کەناڵی ئاسمانی وار سپۆرت WAAR SPORT Tv:

21) کەناڵی ئاسمانی K24:


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## باسی چوارەم: چاودێری لەڕووی زمانەوانییەوە

واتە پاراستنی شتێک وە پاسەوانی کردنی، هەروەها واتای ئاگاداری بوون و خۆپارێزی و بینین و لەبەرچاوبوونی شتێک (سعید یوسف کلاب، ٢٠٠٦، ل3).

وشەی چاودێری لە فەرهەنگی (مختار الصحاح) هاتووە: بە واتای پارێزگاری و چاودێری (محمد بن ابی بکر الرازی، ١٩٨١، ل252).

لە رووی زاراوەوە چاودێری ((واتە کۆنترۆڵکردن و ئاراستەکردن، کە کەسێک یان کۆمەڵە کەسێک یاخود دەستەیەکی فەرمی یا نافەرمی دەیکات سەبارەت کارێ یان بابەتێ یاخود رەفتارێک کە بەپێی رێکخستن و پێوەر لەسەری رێککەوتوون بۆ نەهێشتنی هەڵەو بەفیڕۆدانی کات و دەرامەتی دارایی لەپێناو گەیشتن بە ئامانجی دیاری کراو)). ( maat, online (2010

## ٤:٢- چەمک و پێناسی دەزگای چاودێری:

چاودێری لە کۆمەڵگەدا ((ئامرازێکی بنچینەییە بۆ چاودێری کارو چالاکییەکان و دۆزینەوەی کەم و کورتییەکان لە هەموو بوارەکاندا، رێکخستنی جوڵەی ژیانی کۆمەڵایەتی و هێنانەدی ئامانجە بالاکانی کۆمەڵگە)). (د. هێرش رسول, ٢٠١٣، ل١٦) چاودێری بە واتای (المراقبة- Surveillaence) زۆرجار تێکەڵ دەکرێت لەگەڵ وشەی (سانسۆڕ- Censorship)، هۆی ئەم هەڵەیە ئەوەیە وشەی چاودێری (سانسۆر) وشەیەکی لاتینییە لە بنەمادا بە واتای (بڕیاردان, هەڵسەنگاندن یاخود خەملاندن) دەهات، واتە چەمکی هەڵسەنگاندنی لە سەرەتادا تێدا بووە، دواتر واتاکەی گۆڕا بۆ (رێگری و رێنەدان) بە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕ یان ڕاو وبۆچوون یاخود بەرهەمێکی ئەدەبی, هونەری, سیاسی, ئایینی و فەلسەفی. لەوڕوانگەیەوە گۆشەنیگای سستمی سیاسی یا ئاکاری دەسەڵاتی فەرماندار، مەترسیدارن یان زیانبەخشن یاخود هەڕەشەن، لەگەڵ ئەمانەدا چەمکی (چاودێری) لە بوارە جیاجیاکان و چالاکییە جۆراوجۆرەکان بەکاردێت بەپێی شوێنی وشەکە لە بوارەکەدا دەگۆڕێت.

وشەی (چاودێری) لەلایەن سیاسەتمەدارو یاساناس و ئابووریناس و راگەیاندنکاران بەکارهاتووە هەریەک بەپێی کارەکەی پێناسەی جیاجیایان داناوە، کە تا رادەیەک دوورە لە نموونەی باڵاو راستەقینەی وشەکە، هەریەک بەپێی جۆری پسپۆڕی و کارەکەی وەسفی کردووە (حسن عماد مکاوی, ٢٠٠٣، ل16).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## چاودێری لە پێناسەیەكی گشتیدا:

بریتییە((لە ئەركێكی كارگێڕی گرنگ و پێویست لە بوارێكدا، بۆ بڕیاردان لەسەر ڕادەی سەركەوتنی كرداری بەجێگەیاندن و تەواوكردنی ئەو ئامانجەی پێشتر پلانی بۆ دانراوە لە ماوەیەكی پێوانەییدا)). (د. محمد السيد السرايا، ١٩٨٦، ل11)

هەروەها ئیبراهیم الداقوقی چاودێری بەوە وەسف دەكات كە ((شاردنەوەو وەلانانی ئەو بیرو بۆچوونانەی ناكۆكن لەگەڵ چەمكە گشتییەكانی كۆمەڵگە، سەرباری ئەوەی كۆمەڵگە چاودێری كاری دەوڵەت دەكات تا ستەمكاری لە بەكارهێنانی دەسەڵات نەكات)).

دەزگای چاودێری ئامرازو كەناڵەكانی تەلەڤزیۆن، (بیر بوردیۆ) لە كتێبی (التلفزيون واليات التلاعب بالعقول)بەم شێوەیە پێناسەی دەكات كە ((پڕۆسەی بەدواداچوونی لیژنەیەك یاخود دامەزراوەیەكی تایبەتی حكومی ڕاسپێردراوە بۆ ڕێگەگرتنی پەخش و بڵاوكردنەوەی هەر هەواڵ و وێنەو زانیارییەكی مەترسیدارو زیانبەخشە بە میللەت و وڵات، لە ڕێگەی جێبەجێكردنی یاساو ڕێساو بڕیارەكانی تایبەت بە چاودێری میدیایی لەپێناو كەمكردنەوەی یاخود ڕێگەگرتن لە بڵاوكردنەوەی)). (بيير بورديۆ, ٢٠١٣، ل139)

هەروەها (كامل القيم) دەڵێ: دەزگای چاودێری میدیایی ((ئەو دەستەو دامەزراوەو دەزگایانەیە كە بۆ چاودێری كردنی جوڵەی میدیایی دادەمەزرێن، بە مەبەستی فلتەركردنی بڵاوكراوەو پەیامی تەلەڤزیۆنەكانە و پاراستنیان لەپێناو پاراستنی كۆمەڵگەو لە هەر كاریگەرییەكی مەترسیدار بۆ سەر مافی تاك و كۆمەڵگە بەگشتی، بۆ ڕێكخستنی كاری ڕاگەیاندن)).

دەزگای چاودێری میدیایی بەڕای (حبيب الهرمزي)، ((دڵنیابوونە لەوەی هەموو شتێك ڕوودەداو ئەنجام دەدرێت بەپێی ئەو پلانە بابەتی و ڕێنماییە ئاماژە بۆكراوەكان و بنەما دیاریكراوەكان بە مەبەستی دەستنیشانكردن و بە ئاگاهێنانەوەی خاڵی لاوازو سەرپێچی كردن، لەپێناو چارەسەركردن و دووبارە نەبوونەوەیدا)). (حبيب الهرمزي، ١٩٧٧، ل19)

بەڵام (Huff Richard) چاودیری جوڵەی میدیا بەوە پێناسە دەكات ((كە تێبینی كردن و ئاگاداربوون لە بەلاڕێدانەبردنی ناوەڕۆكی پەیامی میدیایی و ئامرازەكانی ڕاگەیاندن لە بنەما تەشریعی و دەستووری و یاساییەكان، لەلایەن لیژنەو دامەزراوەی حكومی دیاریكراو و تایبەتمەندو ڕێگەپێدراو بە لێپرسینەوە)). (Huff, Richard, 2007, p32).

(Balkin,j,m) دەڵێ: ((دەزگای چاودێری بۆجوڵەی میدیا ئەو سەنتەرو دامەزراوەو دەزگایانەیە، كە بە مەبەستی چاودێری كردنی جوڵەی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن دادەمەزرێن، بە مەبەستی بەرزكردنەوەی كوالێتی ناوەڕۆكی پەیامی ڕاگەیاندن، لەپێناو پاراستنی وەرگرو كۆمەڵگە لە زیانی كاریگەرییە مەترسیدارەكانی)). (Balkin, J, M, 1998)

(Peter Phillips) بە دەستەی ڕێكخستن و چاودێری میدیایی پێناسی دەكات ((كە كاری سەرپەرشتی كردنی وەزیفەو كارو چالاكی ئامرازەكانی بینراو و بیستراو و چاپ و بڵاوكردنەوەیە، بۆ دڵنیابوون لە یەكانگیری لەگەڵ بنەماو یاساو ڕێساكان و ئیتیكی ڕۆژنامەوانی، كە لەلایەن دەستەو دامەزراوەی فەرمی یاخود ڕێكخراوەیی نافەرمی ئەنجام دەدرێت)). (Peter Phillips, 2007, p18)


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

لەلایەکی دیکەچاودێری بەڕای (Buchele.Rabert) واتە: ((دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی ئەو پلان و بنەماو ڕێنماییانەی دانراون، بەپێی پێوەرەکانی جۆری کارو چالاکی بوارەکە، واتە ئەو پرۆسەیەی ئەنجامە ڕاستەکانی پێ دەپێورێ و پاشان بەراوردکردنی بە پلان و دیاریکردنی هۆیەکانی کە دەبنە هۆی لادان لە ئەنجامە خوازراوەکان و هەروەها ڕاستکردنەوەی بەپێی پێویست)). (Buchele, Rabert, 1977, p125)

## 4: 3: جۆرەکانی چاودێری لەڕووی یاساو دەسەڵاتەوە:

توێژەران بە پشتبەستن بە ئەزموونی بینراو و ئەزموونی ژیانی ڕۆژانەو ڕاستەوخۆ لە کۆمەڵگەی مرۆییدا، گرنگی ڕۆڵی پرۆسەی چاودێری بۆ کۆمەڵگە بە گرنگ دادەنێن، واتە نەک تەنیا بۆ یەک بواری دیاریکراو بەڵکو بۆ هەموو بوارە جیاجیاکانی ژیان لە کۆمەڵگەدا.

چەندان شێوازی دابەشکردن هەیە بۆ پۆلێنکردنی چاودێری کە گرنگترنیان ئەمانەن:

1- چاودێری کارگێڕی.

2- چاودێری سیاسی.

3- چاودێری یاسایی دادوەری.

4- چاودێری ئابووری. (حبیب الهرمزي، ١٩٧٧، ص91)

ئەم دابەشکردنە بەپێی دەستە یان لایەنی جێبەجێکاری چاودێری کراوە، لێرەدا چاودێری دەکەینە چەند بەشیک، لەبەرئەوەی ئەم دابەشکردنە بە گونجاو زانراوە لەگەڵ سروشتی بابەتی توێژینەوەکە بەم جۆرەی خوارەوە: (حبیب الهرمزي، ١٩٧٧، ل279)

### ١- چاودێری پارت و سەندیکاو کۆمەڵەکانی فشارو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی:

ڕێکخراو و سەندیکاو کۆمەڵەکانی فشار، ڕەگەزی گرنگن لە بواری چاودێریدا لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بوونیان دەبێتە هۆی دیاری کردنی بەرپرسیارێتی دەسەڵات لەکاتی هەر لادان و پێشێلکارییەکدا. (راسم محمد جمال, ١٩٩٩، ل95)

کۆمەڵەکانی فشار.. تاکەکەسانی ڕێکخراون، بەرژەوەندی و دیدگاو ئامانجی هاوبەشیان هەیە، هەوڵدەدەن بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کار بکەنە سەر لایەنی دەسەڵات بۆ ئاراستەکردنی سیاسەتی گشتی لەو بوارانەی کە پەیوەندارە پێیانەوە. (ابراهیم الداقوقی, ١٩٨٦، ل٤٨)

شایانی باسە.. ڕۆڵی چاودێری ڕێکخراوە مەدەنییەکان و سەندیکاو گرووپەکانی فشار، لە وڵاتێک بۆ وڵاتێکی دی جیاوازە بەپێی سستمی سیاسی وڵاتەکە، لە وڵاتە دیموکراسییەکاندا ڕۆڵی گرنگ و بەرچاویان هەیەو گوێیان لێ دەگیرێ و شوێن دەستیان دیارە، بەڵام لە سستمی سیاسی دیکتاتۆری بە پێچەوانەوەیە، هەرچەند بوونیان هەیە، بەڵام ڕۆڵیان بەرچاو نییە. (کریم کشاکش، ل16-17)


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

### ٢- چاودێری ڕای گشتی، (چاودێری جەماوەری):

رای گشتی: ئاڕاستەی خەڵكە بەرامبەر كێشەیەک، گەر لە هەمان چین و توێژەی كۆمەڵگە بن، یاخود رای گشتی هێزێكی جەماوەرییە رۆڵێكی كاریگەر دەگێڕێت لە دارشتن و ئاڕاستەكردنی ئامانجە گشتییەكان لە كۆمەڵگە دیموكراسییەكاندا. (عادل محی الدین, ١٩٧٨، ل14)

چاودێری جەماوەری، چاودێری رای گشتی و جەماوەری، لە سستمی سیاسی دیموكراسی پەسەندە بۆ پشتگیری بەرژەوەندی كۆمەڵگە، ئەم جۆرە لە چاودێری كە ڕای گشتی كۆمەڵگە دەیكات لەسەر بنەمای پێداویستییەكی یاخود ماف خواردن و پێشێلكارییەک بەرامبەر كۆمەڵگە ئەنجام درابێ، هەرچەندە رێكخراو نییە، بەڵام ئامانجە راستەقینەكانی كۆمەڵگە دەردەبڕێ. (أسامە صلاح قراعة, ٢٠١٩، ل228)

چاودێری ڕای گشتی و جەماوەری، لە ڕێگەی ناڕەزایی دەربڕین دژی كاری نادروست و دژە ئاكارو داب و نەریت و پیرۆزییەكانی تاک و كۆمەڵگە، رۆڵی دەرگاوان و پاسەوان دەبینن، زۆرجار لە پاراستنی بەرژەوەندی گشتی. (د. حسنین عبدالقادر, ١٩٦٢، ل61)

ئامرازەكانی راگەیاندن رۆڵی گرنگ دەگێڕن لە گواستنەوەی گیروگرفتەكانی جەماوەرو خستنە بەرچاوی بەرپرس و دەسەڵاتداران بە مەبەستی دۆزینەوەی رێگەچارە بۆیان.

سەرباری چاودێری كردنی هەر دیاردەیەكی نەرێنی لە كۆمەڵگەداو خستنە رووی لە ڕێگەی هۆكارە جیاوازەكانی راگەیاندنەوە. (ابراهیم الداقوقی, ١٩٨٦، ل111)

### ٣- چاودێری ئامرازەكانی راگەیاندن و رۆژنامەوانی:

سەرەتا دەبێ ئاماژە بەوە بدەین كە لەم سەردەمەی پێشكەوتنی تەكنەلۆژیای زانیارییەدا، مرۆڤەكان گەیشتوونەتە ئاستێكی بەرز لە زانیاری بۆ بەدواداچوون لە گۆڕاوە سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتی.. هتد. زانیارییەكان بە لێشاو لە ئان و ساتتدا بەبێ فلتەرو چاودێری لە كەمترین كاتتدا لەبەر دەست دان. (حبیب الهرمزي, ١٩٧٧، ل279)

لەبەر ئەم هۆیانە خەڵک پێویستی بە هۆكارێكی میدیاییە كە زانیاری ڕاست و دروستی بخاتە بەردەست، كە ئامرازەكانی بینراو لە هەموویان كاریگەرترن، لە هۆكارەكانی دی راگەیاندن ئاسانترو بەردەستترن وە بەربەرستەكانی تێپەڕاندووە لە رووی ئەوەی پێویستی زانین و شارەزایی نییە وەک بەكارهێنانی ئامرازەكانی تەكنەلۆژیاو بونی خوێندەواری، بۆیە بە ئامرازێكی خێزانی ناودەبرێ. (د. حسنین عبدالقادر, ١٩٦٢، ل51)

میدیا بەشێوەیەكی گشتی بەرگری لە كۆمەڵگە دەكات وە لە خزمەتیاندایە بە راستەوخۆ بێ یا ناڕاستەوخۆ، دیاردە نەرێنییەكان ئیدانە دەكات، ئامانجی خستنەڕووی كەم و كوڕی و گرفتەكان و دەستنیشانكردنێتی. راكێشانی سەرنجی دەسەڵاتداران بەلای گرفتەكاندا بەمەبەستی دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆی. (د. فاروق محمد خماس، ١٩٨٨, ل69)


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

تەلەڤزیۆن بەتایبەتی سەکۆی گۆشەنیگاکان و رای هاوولاتییان و جەماوەرە، خستنەڕووی پاساوی بڕیارەکانی بەرپرسانە سەبارەت بە هاوولاتییان واتە ئەو بارودۆخە دەخاتەڕوو کە خەڵک تێیدا دەژی و رای گشتی لێ ئاگاداردەکاتەوە. (د. عبدالستار جواد, ١٩٩٥، ل16)

میدیا بەگشتی و تەلەڤزیۆن بەتایبەتی رۆڵی گرنگی هەیە لە بەدواداچوون و هێنانەدی دادپەروەری و پێکهێنانی راو دروستکردنی ئاڕاستەو بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاری سیاسی و رۆشنبیری و مەعریفی تاک لە کۆمەڵگەدا، زۆرجار رۆڵی پشکنەری گشتی بەدەرخستنی سەرپێچی و کەموکوڕییەکان دەگێڕن لەسەر دامەزراوە کارگێڕی و حکومییەکاندا، تا ئەو رادەیەی ئامێرو کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن بوونەتە ئاوێنەی جەماوەرو کۆمەڵگە بەگشتی لەبەر ئەو هۆکارانە بە (دەسەڵاتی چوارەم) ناودەبرێ. (مصطفی مرعی, ١٩٨٠، ل94)

## أ) چاودێری پێش وەخت:

ئەم مۆدێلە لە چاودێری لە جۆرەکانی دی کاریگەری زیاترە، چونکە هەمیشە دەستەیەک یا گرووپێک یاخود لیژنەیەک یان لەژێر هەر ناوێکی دی دا بێ لەلایەن خودی دەسەڵاتداران دادەنرێن بە پشتیوانی یاسایەکی بەرکار لە وڵاتدا. بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی حکوومەت و دەسەڵاتەکەی. (کارزان محمد، ٢٠١١، ل146)

## ب) چاودێری پاش وەخت:

مەبەست لە پیادەکردنی چاودێری پاش وەخت ئەوەیە: کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن و هۆکارەکانی میدیا ئازادن لە بڵاوکردنەوەی هەر بابەتێک، گەر هەر کەس و لایەنێک گازندەی هەبوو لەسەر ناوەڕۆکی هەر بابەتێک ئەوا لە رێگەی سکاڵاوە دەزگای چاودێری لێ ئاگادار دەکرێتەوە یاخود لە رێگەی دادگاوە مافی خاوەن سکاڵاو مافی بڵاوکردنەوەکەو کەناڵەکە یەکلایی دەبێتەوە. (د. فریبرز خسروی، ١٩٨١، ل54)

چاودێری پاش وەخت، کە بە چاودێری (سزا)دانیش ناودەبرێ بەپێی بڕیاری دادگاو لەسەر بنەمای یاسا ئەنجام دەدرێت، بەشێوەیەکی گشتی لە سستەمە دیموکراسییەکان پەیڕەو دەکرێت. (د. راغب ماجد حلو, ١٩٨٥، ل98)

چاودێری لەم سستەمەدا بریتییە لە بەدواداچوون، پاشان ئاگاداركردنەوە یان راگرتنی پەخش بۆ ماوەیەکی دیاریکراو یاخود سزای پێ بژاردن، یان لەکارخستنی و کشانەوەی مۆڵەتی کارکردن. لەم جۆرە چاودێرییە بەهۆی ئەوەی بە دەزگای چاودێرییەوە ناوەستێ و دەگاتە دادگا، خاڵی ئەرێنی لەوەدایە بەپێی یاسا رێگە دەگیرێ لە خراپ بەکارهێنانی ئازادی و پارێزگاری لێکردنی لەم شێوازەدا. (د. راغب ماجد حلو, ١٩٨٥، ل101)

لە شێوازی سانسۆری پاش وەخت، سەرەتا پەیام و پەخش و بڵاودەکرێتەوە، گەر کاردانەوەبەهۆی ناوەڕۆکی پەیامەکە وەدروست بوو لەلایەن وەرگرەوە، گەر پەیامەکەپێچەوانەی بنەمای پیشەیی و ئیتیکی و پێوەرەیاساییەکان بێت. ئەوکات دەزگای چاودێری یاخود لایەنی دادوەری بەدواداچوون بۆ پێشێلکارییەکەدەکات.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## شێوازەکانی پیادەکردنی چاودێری پاش وەخت بەم جۆرە پیادە دەکرێ:

### ا- ڕێنمایی و چاودێری خودی:

ئامرازەکانی بینراو و بیستراو یان هەر دامەزراوەیەکی دی میدیا کە لەنێو شێوازی چاودێری پاش وەختدان، بەڕێوەبەرو بەرپرسی بەشەکان بە لێکتێگەیشتن لەگەڵ کۆمەڵێک ڕاسپاردەو ڕێنمایی بۆ ناوخۆی دەزگاکەو کەناڵەکەیان دادەنێن لەگەڵ پەیڕەوکردنی چاودێری خودی تاوەک هێڵێکی سوور نەبەزێنرێن (سلێمان جازع الشمری, ٢٠٠١، ل300).

– لەهەرێمی کوردستان هەردوو جۆرەچاودێری ئەرێنی و نەرێنی کەم تا زۆر بوونی هەیە، چ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ, چاودێری نەرێنی زۆرجار لەژێر ناوی بەرژەوەندی گشتی و کۆمەڵگاداو بەمەبەستی پاراستنی پێگەی دەسەڵات بەسەر ئامرازو کەناڵەکانی میدیادا دەسەپێنرێ، بۆ نموونەکەمی ئاستی ڕەخنەگرتن لەکەم و کوڕییەکانی خزمە تگوزاری و دەسەڵات یاخود ڕەخنەگرتن لەئایین، چونکەچەندین هەڕەشەو فتوای کوشتن سەبارەت بەو مەسەلەیەلە کوردستان هەبووە.

### ب- دانانی دەرگاوان:

دەرگاوان بە گرنگترین و باشترین فلتەر دادەنرێ بەڕای شارەزایانی بواری میدیا، چەمکی دەرگاوان بۆ یەکەمین جار لەلایەن (کورت لوین) بەکارهێنرا، کە پێشتر بە درێژی باسمان لێوە کردووە لە بەشێکی ئەم توێژینەوەیەدا، لەناو هەر دەزگایەک و کەناڵێکی میدیادا دەرگاوان ئەو کەسانەن لە ستافی نووسین و دامەزراوەکانی هەواڵدا بەشداری لە پڕۆسەی ئامادەکردن و هەڵبژاردن و خستنەڕووی هەواڵ دەکەن. (Lewis Anthouy, 1964, p160)

کاری دەرگاوان بەشێوەیەکە هەر لە هەواڵنێرو نووسەرانەوە کە بابەتێک بڵاودەکەنەوە تا دەگاتە سەرنووسەر ڕۆڵیان هەیە لە هەڵبژاردنی بابەتێک و دارشتنەوەی دا. بێگومان ئەم جۆرە لە چاودێری ژینگەیەکی گونجاو بۆ ئازادی ڕۆژنامەگەری ڕاگەیاندن بەگشتی فەراهەم دەکات، کاریگەرییە نەرێنییەکانی سانسۆریش لەسەر ناوەڕۆکی میدیا کەم دەکاتەوە، بەڵام بەو مەرجەی بەجۆرێک پیادە بکرێ کە لەگەڵ پرەنسیپەکانی دیموکراسیدا بگونجێ. (د. نعیم البدیعی، ٢٠٠٩, ل٢١)

### ج- فلتەرە تەکنیکییەکان:

بۆ هەر کەناڵێکی میدیایی لەوڵاتەپێشکەوتووەکان فلتەری جۆراوجۆر هەیە، بەتایبەتی لەدوای سەرهەڵدانی ئینتەرنێت و تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو وەهاتنەئارای سۆشیال میدیا، چەندین جۆری فلتەری پەیامی میدیایی نوێ دروست بوون. بەمەبەستی فلتەرکردنی ئەو بابەتانەی بەیاسا ڕێگەپێدراو نین بۆ بڵاوکردنەوە، هەروەها بۆ ڕێگەگرتن لەخراپ بەکارهێنانی سایتەئەلکترۆنییەکان. (M.Kathry. C, 2007) online


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

لەسستمی دیموکراسیدا، هاوشێوەی وڵاتانی ڕۆژئاوا فلتەری تەکنیکی ڕەچاوی کوالێتی ناوەڕۆکی بابەتەکان و مامەلە کردن لەگەڵ جۆری ئامرازەکانی میدیاو سۆشیال میدیا بەجیا ئەنجام دەدەن، وەسزاکان زیاتر سزای ماددین، لەهەوڵی بە ردەوامدان بۆ ئەوەی تاک و کۆمەڵگەزەرەرمەند نەبن، لەگەڵ ئەوەی یاساو ڕێساکانی تایبەت بەم بوارەبەردەوام لە نوێبوونەوەدان تا دەرهەقی کۆی هەموو گۆڕانکارییەکان بن لەو بوارەدا کەبەردەوام لەجیهانی پەرەسەندنی خێرای تەکنە لۆژیای زانیاری و ئامێرەتەکنیکییەکان دەردەکەون. (د. سامان جلال، ٢٠١٨، ل٩)

بەڵام لەسستمی دیکتاتۆری و بیرۆکراتی دا، فلتەرکردنی ئامرازەکانی میدیا لەشێوەی سانسۆر دەردەکەون، گرتنەبەری ڕێ و شوێن سزاکانیان چڕترو توندترن، جگەلەسزای ماددی، داخستنی کەناڵ و هۆکارەکانی میدیا، زیندانی کردن و هە ندێ جار کوشتنیشی لێدەکەویتەوە. لەسستمی ناوبراو هاوشێوەی وڵاتانی تاکڕەولە دەسەڵات و تازەگەشەکردووەکان، یاساکان توندترو مەترسیدارن، بەڵام لەبڕگەو مادەیاساییەکان وەک یاسایەکی سنووردانان بۆ پێشێلکاری ئامرازەکانی میدیا لەچوارچێوەی کاری میدیا دەردەکەون. شایانی باسەزۆرترین فلتەرەتەکنیکییەکان لەجیهاندا، فلتەری تایبەت بەئینتە رنێت و سۆشیال میدیان بەهۆی زۆری و بەربڵاوی بەکارهێنانی و بەئاسانی بەردەست بوونی لەلایەن هەر تاکێک لەسە رجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگەکەزۆرترین کاریگەری و زیانی لێکەوتۆتەوە، نموونەی ئەو جۆرە فلتەرانە وە ک:(Parental control, Anti-Po, family, cyber Alert web protection, x-stop, family click,…)،......هتد.

دەتوانرێ چاودێری لە ڕووی کاتەوە بکرێ بە دوو بەشەوە یەکەمیان: چاودێری درێژخایەن کە پەیوەست نییە بە ماوەیەکی دیاریکراوی زمەنییەوە، دووەمیان چاودێری کاتی، کە لەکاتە نائاساییەکانداو بۆ ماوەیەکی دیاریکراو پیادە دەکرێ وەک لە خوارەوە باسیان دەکەین:

### ١) چاودێری درێژخایەت:

هەروەک باسمان کرد چاودێری بەپێی سستمی حوکمڕانی، جۆری پیادەکردنەکەی جیاوازە، هەربۆیە بە درێژایی ماوەی سستمێکی دەسەڵاتدار، کۆمەڵێک بوارو لایەنی هەستیار هەن کە باسکردنیان دەچنە خانەی بەزاندنی هێڵی سورەوە، هەمیشە ئەو بابەتانە دەخرێنە نێو چوارچێوەی مادەو بڕگە دەستووری و یاساییەکانەوە تا بەرگێکی یاسایی وەربگرێت، بواری میدیاش بەشێک لەو هێڵە سورانەی بۆ دەستنیشان کراوە کە نابێ لێی لابدەن کە بە چاودێری درێژخایەن ناودەبرێن. (د. فریبرز خسروي، ١٩٨١، ل53)

چاودێری درێژخایەن بەپێی سستمە سیاسییەکە گۆڕانی بەسەردا دێت، بەڵام لە زۆربەی وڵاتانی دونیا کۆمەڵێک بوار هەن بەشێوەیەکی گشتی چاودێری درێژخایەنی دەخرێتە سەر لەسەرجەم هۆکارەکانی میدیا بەگشتی و ئامرازەکانی بینراو بەتایبەتی، وەک:


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

### ا- داب و نەریت و ئاسایشی كۆمەڵگە (ئاسایشی گشتی):

بە خراپ بەكارهێنانی ژینگەی ئازاد بۆ دروستكردنی پشێوی و تێكدانی ئاسایش و ئارامی كۆمەڵگە دەچێتە ئەم خانەیەوە، كە لە سستمی دیموكراسیدا هەندێ كەس و لاو لایەن پاساویان بۆ ئەم جۆرە لە چاودێرییە ئەوەیە كە بۆ پارێزگاری لە دیموكراسی پێویستە ڕێگە لە ئازادی ئەو كەسانە بگیرێت كە مەبەستی خراپیان هەیە.

واتە ئەركی پرۆسەی چاودێری ڕێگەگرتنە لە خراپ بەكارهێنانی ژینگەی دیموكراسی لەلایەن ئەو كەس و لایەنانەی دەیانەوێ كەناڵ و ئامرازەكانی تەلەڤزیۆن بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەكاربهێنن یاخود كار بۆ گۆڕینی دۆخی دیموكراسی بۆ ژینگەیەكی پڕ لە ئاژاوەو شلۆق بكەن (Allen well, 1975, p14).

### ب- بیروباوەڕو ئایین و ئاینزا:

لە هەرێمی كوردستان ئایینی جۆراوجۆر بوونی هەیە، وەک (ئیسلام، مەسیح،جوو، ئەرمەن, یەزیدی) هەروەها ئاینزاو مەزهەبی ئایینی وەک (كاكەیی، هەقە، سوننە، شیعە) ئایدۆلۆژیای جیاوازی ئیسلامی و عیلمانی).

بۆ بەربەست دروستكردن لەوەی كە لەژێر ناوی ئازادی ڕۆژنامەوانی و بیروڕای جیاوازو ئازاد بێ ڕێزی نەكرێتە سەر هیچ كام لە ئایین و ئایینزاكان وە بۆ دژایەتی كردنی یەكتر بەكارنەهێنرێن، هەردوو چەمكی (بیروباوەڕو ئایین) لەناو یاسای ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی كوردستان ئاماژەی پێ كراوە. (كارزان محمد, ٢٠١١، ل١٢٠)

### ج- تۆمەت خستنە پاڵ و جنێودان:

مەبەست لە تۆمەت خستنەپاڵ و جنێودان (تانەو تەشەر)، پێ گوتنێكە دەخرێتە پاڵ كەسێک یان لایەنێک بۆ شكاندنی ئابڕو یان ڕووشاندن و بریندارکردنی هەستی كەسەكەو لەكەداركردنی ناوی و زڕاندنی ناوبانگی ئەنجام دەدرێت. (د. مبدر الویس, ١٩٨٦، ل47)

هەرچەندە جنێو ناتوانرێ بسلەمێنرێ، بەڵام یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (111) بە مادەی (434)ی ساڵی (1969) سزای بۆ داناوە كە تایبەتە بە تانەو تەشەر. (القانون العقوبات العراقي)

هەروەها لە یاسای چاپەمەنی ژمارە (10)ی ساڵی (1993)ی هەرێمی كوردستان بەم چەشنە ئاماژەی بۆ كراوە ((بڵاوكردنەوەی ئەو بابەتانە قەدەغەن كە.. جنێودان و تانەلێدان و ناوزڕاندنی كەسانیان تێدا بێت.

لە یاسای ژمارە (35)ی ساڵی (2007)دا سەر لە نوێ جەخت لەسەر سزادانیان كراوەتەوە، لە برگەی (5)ی مادەی نۆیەمدا هاتووە: ((جنێودان و توانجی ناڕەواو نازڕاندن قەدەغەیە)).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

### د- نهێنییەکانی دادگا:

ئامادەبوونی رۆژنامەنووس لە هۆڵەکانی دادگاو گواستنەوەی هەواڵەکان بۆ جەماوەر ئەرکێکی گرنگی میدیایە، بەڵام لەو حاڵەتانەدا نەبێت کە یاسا دیارییان دەکات، کە لە هەندێ حاڵەت هەن دادگا بۆ گرەنتی جێبەجێکردنی یاساو باش بەڕێوەچوونی رەوتی یاسا، قەدەغە دەخاتە سەر بڵاوکردنەوەی هەندێک هەواڵی رووداوەکانی دادگاو بەدواداچوونە بەراییەکان لەپێناو گەیشتن بە دوا ئەنجام. (د. عمر سالم،١٩٩٤، ل161)

هەر بۆ ئەو مەبەستە لە یاسای چاپەمەنی ژمارە (35)ی ساڵی (2007) لە بڕگەی (6)ی ماددەی (9)دا هاتووە ((هەر بابەتێک زیان بە رێکاری لێکۆڵینەوەی دادوەری بگەیێنێ قەدەغەیە، تەنها مەگەر دادگا رێگای بە بڵاوکردنەوەی دابێت)).

### ح- ژیانی تایبەت:

لە سەرجەم دەستوورو یاساکانی رۆژنامەوانی وڵاتاندا، باسکردن لە ژیانی تایبەتی کەسەکان بە سەرپێچی دادەنرێت و ناچێتە چوارچێوەی ئازادی رادەربڕین و کاری رۆژنامەوانییەوە، چونکە بابەتێک نییە سوودی بۆ بەرژەوەندی گشتی هەبێ، بەڵکو دژێتی. (warren and Brandies,1980 online

دەکرێ ژیانی تایبەت چەند بوارێک بگرێتەوە وەک: مافی تەنیایی، سنووردارکردنی دەستوەردانی ژیانی تاک و رێگەگرتن لە دەستە ناحەزەکان بە مرۆڤ، پارێزگاری نهێنییەکانی تاکەکانی کۆمەڵگە، بڵاونەکردنەوەی زانیارییە کەسی و تایبەتییەکان و پشتیوانی لە کەسایەتی و تایبەتمەندی و کەرامەتی مرۆڤ. (باقر أنصاری, ١٩٨٤، ل38)

### خ- ئاسایشی نەتەوەیی و سوپا:

ئاسایش لە هەر شوێنێکی دنیا ئەو دۆخەیە کە مرۆڤ هەست بە ئارامی ژیان بکات، لە زاراوەی یاساییدا بە ((ئاسایشی تاکەکەسی، ئاسایشی کۆمەڵایەتی، ئاسایشی نەتەوەیی، ئاسایشی گشتی)) ناودەبرێت. (داريوش أشوري, ١٩٨٤، ل38)

ئاسایشی نەتەوەیی بەشێکە لە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی هەر وڵاتێک، بەرژەوەندی نەتەوەیی بە واتای بەدیهێنانی باشترین بارودۆخ بۆ وڵات تا تاکەکانی کۆمەڵگە بە ئارامی تیایدا بژین. (Iain McLean, 1996, p332)

### ٢) چاودێری کورت خایەن:

((بواری میدیا لە هەر شوێنێکی دنیا وابەستەیە بە هەلومەرجی سیاسی وڵاتەکەوە، بەجۆرێک هەر هەڵکشان و داکشانێک لەو هەلومەرجەدا کاریگەری لەسەر ئاستی رۆژنامەوانی و میدیا بەگشتی دادەنێت)). (د. هيثم الكيلاني, ١٩٩٧، ل135)


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

بەگشتی دەتوانرێ چاودێری کورت خایەن وەسف بکرێ بەوەی بریتییە لە ((چاودێری بۆ ماوەیەکی دیاریکراوی کورت خایەن لە ڕووی کاتەوە، کە هاتنەکایەی بارودۆخێکی نائاسایی دەیسەپێنێت وەک: ڕوودانی جەنگی لەناکاو یاخود قەیرانی سیاسی و ئابووری)). (د. کرم شلبی، ١٩٩٤، ل154)

ئەو بارودۆخانەی کە چاودێری کورت خایەن تیایدا پیادەدەکرێت وەک:

ا- بارودۆخی جەنگ:

ب- بارودۆخی قەیران و ئاڵۆزی سیاسی و ئابوری:

ج- چاودێری تایبەت:

## ٤- 7: پاڵنەرەکانی پشت پیادەکردنی چاودێری:

بێگومان ئەنجامدانی چاودێری لە هەر سستمێکدا، چۆنێتی پەیوەندییەکانی میدیا لەگەڵ کۆمەڵگەو دەسەڵات دەستنیشان دەکات. بۆچوونی جیاوازیش لەبارەی گرنگی هەبوون و نەبوونی دەزگای چاودێری میدیایی هەیە، هەر کام لەم بۆچوونانەش کۆمەڵێک فاکتەر بۆ پتەوکردنی میکانیزمەکانیان دەخەنەڕوو. هەندێک پێیان وایە کە چاودێری میدیایی گرنگە وە پێویستە بوونی هەبێ بە مەرجێ لە چوارچێوەی (کات، شوێن، بابەت)ی پراکتیزەکردنی چاودێرییەکە دیاریکراو بێت، وە فەلسەفەی پشت جێبەجێکردنی لەپێناو بەرژەوەندی گشتی دا بێت نەک بۆ بەرژەوندی دەسەڵاتی حوکمڕانی و لاو لایەن و تاکەکەسی. (د. احمد بدر, ١٩٩٨، ل197)

بوونی دەزگای چاودێری دابەش بۆتە سەر دوو ڕای جیاواز لە لایەنگران و نەیارانی ئەنجامدانی چاودێری میدیایی، کە لێرەدا باسی لێوە دەکەین:

### 1) لایەنگرانی بوونی دەزگای چاودێری میدیایی:

لایەنگرانی بوونی دەزگای چاودێری پێیان وایە.. بۆ جیاکردنەوەی پەیامی میدیایی ئەرێنی لە پێچەوانەکەی، پێویستە دەسەڵاتێک ڕێگە لە بڵاوبوونەوەی ناوەڕۆکی پەیامە نەرێنییەکان بگرێت، واتە ئەو بابەت و زانیارییانەی لە بوارەکەدا دەخرێنەڕوو، گەر زیان بە وڵات و حکوومەت و بیروڕای گشتی و ئاکاری گشتی و ئاسایشی نەتەوەیی بگەیێنن، ئەوا دەبێ هێڵی سووریان بۆ دابنرێ، لەم حاڵەتەدا پێویستە پەیامی میدیا بە فلتەردا تێپەڕێت. (د. فریبرز خسروي, ١٩٨١، ل8).

لایەنگرانی بوونی دەزگای چاودێری، چەند فاکتەرێک دەستنیشان دەکەن کە پێیان وایە تەنها بە جێبەجێکردنی چاودێری میدیایی دەتوانرێ پارێزگاریان لێ بکرێ لەوانە وەک:



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

### ا- پاراستنی ڕاستی:

لە وڵاتە پێشکەوتوو دیموکراسییەکاندا، حکوومەتەکان وەک پارێزەری ڕاستی کاردەکەن، لەم ڕوانگەیەشەوە هێڵی سوور بۆ میدیاو ڕۆژنامەوانی دادەنێن تا ڕێگە بگرن لەو هێڵە سوورانەی کە پەیوەندارە بە سەروەری وڵات و نەتەوەو ئاسایشی گشتی و بەرژەوەندی گشتییەوە. (د. یحی کمال پور, ١٩٨٨) ئۆنلاین

ڕێگەنەدان بە کەسانی بەرژەوەندخوازی وەک خاوەن کۆمپانیاو بازرگانەکان بە سوود وەرگرتن لە ئامرازو هۆکارەکانی میدیا، لە ڕێگەی ڕیکلام و بازاڕگەری بۆ کالاو بەرهەم و پڕۆژەکانیان و بەدەستهێنانی زۆرترین قازانجی مادی لەڕێگەی چەواشەکردنی جەماوەر.

هەروەها ڕێگەنەدان بە نەیارانی حکوومەت, و یاساو ڕێساکان و لادەرانی بنەماکنی کۆمەڵگە، بە تێکدانی ڕاستییەکان و چەواشەکردنی کۆمەڵگە بە زانیاری ناڕاست و شاردنەوەی ڕاستییەکان. (Michael W. Hill, 1998, p154)

### ب- پاراستنی داب و نەریتی کۆمەڵگە:

لایەنگرانی پێویستی هەبوونی چاودێری میدیایی، جەخت لەسەر لایەنی پۆزەتیڤی چاودێری دەکەنەوە بە پارێزەری کۆمەڵگەی هەژمار دەکەن، پێیان وایە دەزگای چاودێری بەهۆی یاساوە بۆ لەبەرچاوگرتنی پرەنسیپ و کلتوورو بنەما کۆمەلایەتییەکان و بیروباوەڕەکانی تاک پاشان کۆمەڵگە، وەرێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی پەخش کردنی بابەتگەلێکی دژە پرەنسیپەکانی مرۆڤایەتی، وەسوکایەتی کردن بە بیروباوەڕو بەهاکانی کۆمەڵگە.

بێگومان هەر وڵاتێک بەگوێرەی پێکهاتەی کۆمەڵگەکەی و سستمی حکوومەتەکانیان، کۆمەڵێ یاساو ڕێسای دیاریکراویان پێویستە هەبێ یاخود هەیانە لەپێناو جێبەجێکردنی ئەو ئامانجانەو پاراستنی، لەگەڵ بوونی یاساو ڕێسای سزادانی ئەنجامدەرانی سەرپێچی کار. (د. فریبرز خسروي, ١٩٨١، ل48)

بێگومان ئەم یاسایانەش دەبێ دژ بەو کارانە بن کە بە پێچەوانەی کلتوور داب و نەریت و پیرۆزییەکانی خەڵک و ئاسایشی کۆمەڵگەو مافی تاکە، واتە چاودێری دەخرێتە سەر ئەو بوارانەی ئەگەری ئەوەیان لێ دەکرێ زیان بە تایبەتمەندییەکانی تاک وداب و نەریتەپیرۆزییەکانی کۆمەڵگە بگەیێنێت کە ڕەنگە ئاژاوەو شەڕی خوێناویشی لێبکەوێتەوە. (د. محمد منیر حجاب, ٢٠١٠, ل٧٨)

### ج- پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی:

مەبەست لە ئاسایشی نەتەوەیی((ڕەخساندنی هەلومەرجێکی ئارامە بۆ دانیشتوانی وڵات و هەروەها پارێزگارکردنە لە ئاسایشی تاک و کۆمەڵگە)). لە دیدی لایەنگرانی بوونی دەزگای چاودێری میدیاییەوە، پێیان وایە گرنگە بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی تا کۆی وڵات و نەتەوە نەکەونە بەردەم مەترسییەوە، هەرچەندە چەمکی (ئاسایشی نەتەوەیی) دەبێتە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

جێگەی رەخنە، چونکە بە چەمکێکی لاستیکی ناوی دەبەن کە لەلایەن هەندێ دەسەڵاتی حوکمڕانی سوودی لێ وەردەگیرێ بەو شێوازەی مەبەستیانە. (Gabriel Schoen feld, 2010, p7-8)

## ۲) نەیارانی بوونی دەزگای چاودێری میدیایی:

ئەو کەس و لایەنانەی دژ بە بوونی چاودێرین، لەو بڕوایەدان سنووری ئازادی رۆژنامەوانی و میدیا بەرتەسک دەکاتەوە کە لە کۆڕبەندو رێککەوتننامەکانی تایبەت بە مافە سیاسی و مەدەنییەکان و مافی رۆژنامەوانی و راگەیاندندا دەستەبەرکراون, هەروەها بە بیانوویەکی دەزانن بۆ پێشێلکردنی ئازادییەکان و داخستنی دەرگای رەخنەگرتن بەتایبەت لە دەسەڵات و حکوومەت. (غازی حەسەن، ۱۹۹۸، ل85)

پاشان وای دەبینن کە بوونی دەزگایەکی لەو جۆرە، سووکایەتی کردنە بە کۆمەڵگە لەو روانگەیەوە کە (تۆ مرۆڤێکی کە هۆشیاری و تێگەیشتنی تەواوت نییە، تا چاکە لە خراپە جیابکەیتەوە، بۆیە دەبێ چاودێرت بین, هەروەها پێیان وایە دەبێتە هۆی دروست بوون و پەرەسەندنی جۆرە بەدگومانیەکی گشتی بەرامبەر میدیا، بەتایبەت میدیای حکوومی لەناو زۆرینەی خەڵک، چونکە پێیانوایە کە جەماوەر کاتێک زانی کەئەو هەواڵ و بابەتە بە چەندین فلتەردا تێپەڕیوە تا گەیشتووە بەوان، لەو حاڵەتەدا گەر زانیارییەکانیش ڕاست بن، ئەوا جەماوەر دەکەونە گومانەوە کە تەواوی راستییەکانیان پێ نەگەیشتووەو متمانەیان لاواز دەبێ بەرامبەر میدیاو پەیامەکەی. (Chris. W. & Ray. Sh, 1998, p16)


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

# The role of media censorship, for television channels in Kurdistan Region

**Gashaw Ali Faraj**

Department of Media , College of Arts, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
E-mail: gashaw.ali.2017@gmail.com

**Saman Jalal Mawlud**

Department of Media , College of Arts, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
E-mail: dr.samanjalal@gmail.com

## Abstract:

This research under the title (The role of controlling institutions, for television channels in Kurdistan Region). The main purpose of this research is to show the importance of controlling institutions for the kurdish media movement and find the way and solutions that are important for the content of the media message at television channels not make a censor for the free expression.

In this research the descriptive and survey metod used that are exact with the goals that the researcher wants to get, in the practical side, the spss application used for the meetings and the questionnaire, to get the most data and informations and get the goal of the main problem of the research, that are being because of having no free media controlling institutions or the institutions are weak and there's no law for organize the television channels.

The academic and experts in the media and the journalists from the 4 provinces in Kurdistan Region (Erbil, Sulaimaniya, Duhok, Halabja) are used as a sample and the society of the research.

The research contains six parts, in the first part the frame of the research, second part contains the concepts and defining the media and television theories, third part talks about the levels of the development of local and satellite channels in Kurdistan Region, the fourth part contains the concepts and defines the controling institutions for the media movements, also the controling institutions in the point of the authority and law and executions,the fifth part talks about the controling media institutions in different authority systems, and the last part shows the practical side.

At the end, this research got the consequences that are important for the controling media institutions for the television channels, also all the laws and bases that deal with the media, and shall be Changed, at the same time, write new laws and bases for the media channels and publishment. And decrease the parties's authority for the formal institutions that work in media, and more make sure of the quality of the content and the message of television channels at that institutions in Kurdistan Region.

**Key Words:** Role , Media Censorship, Television Channels, Kurdistan Region.

## سەرچاوەکان:


امیر نامیق عبدالله، ٢٠٠٥، رادیۆو تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی. ن. ک).

سامان جلال، 2018، هونەرەکانی ڕۆژنامەوانی، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

سامی زوبیان، 2008، ڕۆژنامەنووسی ڕۆژانەو راگەیاندن، سلێمانی, و: مەم بورهان قانع لە کتێبە چاپکراوەکانی ڕۆژنامەی چاودێر.

صباح مجید، ٢٠٠٧، تەلەڤزیۆنە کوردییەکان و ڕۆڵیان لە پێشخستنی کۆمەڵگادا، کرکوک چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی.

غازی حسن، 1998، سەرکوتی ڕۆژنامەی کوردی لەسێبەری یاسادا، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری.

کارزان محمد، 2011، سانسۆری ڕۆژنامەگەری لەهەرێمی کوردستان، چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.

کریم کشاکش، 2008، گرووپەکانی فشارو کاریگەرییان بۆ سەر سستمە سیاسییە هاوچەرخەکان، دهوک، و. شاهۆ فائق، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریان.

محمود وەندی، ٢٠٠٣، ڕۆڵی کەناڵە ئاسمانییەکان لە دواندنی کوردانی تاراوگە، کرکوک, و: رابەر رەشید، چاپخانەی کارۆ.

نعیم البدیعی، 2009، ڕۆژنامەوانی ئەلیکترۆنی، وەرگێڕان، سلێمانی، کارزان محمد چاپ و پەخشی سەردەم.

هێرش رسول، 2019/7/29، پسپۆڕی میدیا، مامۆستا لەزانکۆی پۆلەتەکنیکی سلێمانی، سلێمانی، چاوپێکەوتن.

ابراهیم الداقوقی، 1986، قانون الأعلام، مطبعه وزاره الأوقاف والشؤون الدینیه، بغداد.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

احمد بدر، 1998، الأتصال بالجماهير بين الأعلام والتطويع والتنميه،القاهرة,دار البقاء للطباعه والنشر والتوزيع

أسامه صلاح قراعه، الرقابة كوسيله من وسائط الضبط الأجتماعى، بحث متاح على عنوان الألكترونى الأتى: http://www.manhal.net/articles.php?action=show&id، 20/6/2019.

اكرم شلبى، معجم المصطلحات الأعلاميه..

تيسد احمد ابوعرجه، 2006، قضايا ودراسات اعلاميه، دار جرير للنشر والتوزيع.

تيسير أبوعرجه، الصحافه المعاصره، دار الكتاب الجامعى العين دوله الأمارات العربيه.

جيهان احمد ڕشتى، 1978، الأسس العلمية لنظريات الأعلام، القاهرة، ط2، دار النهضه العربية.

حبيب الراوى، 2001، تاريخ الاذاعه والتلفزيۆن فى العراق، جامعة بغداد

حبيب الهرمزي، 1977، الرقابه على المؤسسات العامة في التشريع العراقى، مطبعه الأوقاف العراق.

حسن سبيلان، 1387، نقش رسانها درمديريت بحران هاى سياسي/ پژوهشنامه أردستانى شماره (33).

حسن عماد مكاوى، وظائف الأتصال والأعلام, القاهرة.

حسنين عبدالقادر، 1962، أصول العلاقات العام، القاهره، بدون أسم مطبعه.

داريوش أشورى، 1984، دانشنامة سياسى: انتشارات مرواريد، طهران، چاپ (11).

راسم محمد جمال، 1999, مقدمة فى مناهج البحث فى الدراسات الأرعلامية، كليه الأعلام، جامعة القاهرة.

سعيد يوسف كلاب، الرقابه الماليه والأداريه ودورها فى عمليه التنميه، ورقه عمل، مقدمة الى مؤتمر التنميه والتطوير قطاع غزه بعد الأنسحاب الأسرائيل، المتعقد بكلى الأداره فى جامعة الأسلاميه، 2006/2/13، ص3، بحث المتاح على عنوان الألكتروني http://iugaza.edu.ps/ar/colguploed/Documents.pdf.

سليمان جازع الشهرى، 2001، مفهوم الرقابه الذاتيه لدى أربع ضحف مصرية، مجلة جامعة الملك سعود، م13، الأداب، 12.

عادل محى الدين، 1987، الرأى العام، بغداد، دار لاشؤون الثقافيه العامة.

عبدالستار جواد، 1995، أتجاهات الأعلام العربى، بغداد،دراسة في الأعلام الأنجلو- أمريكى، وزاره الثقافه والأعلام، دار الحرية للطباعه.

عمر سالم، 1994، نحو قانون جنائى للصحافى، القاهرة.

فاروق خالد، 2009، الأعلام الدولى العولمه الجديده، الاردن، دار أسامه للنشر والتوزيع عمان.

فريبرز خسروي، 1381/ سانسور د. أينه/ كتابخانهى جمهورى اسلامى ايران.

كرم الشلبى، 1994، معجم المصطلحات الأعلاميه، بيروت، انكليزى- عربى/ دار الجيل/ ط2.

محمد السيد سرايا، 1986، الأتجاهات الحديثه في مجالات الرقابة، الدار الجامعيه، أسكندريه.

محمد بن أبى بكر الرازى، 1981، مختار الصحاح، لبنان, دار الكتاب العربى.

محمد منير حجاب، 2010، الأعلام والموضوعيه في القرن الحادى والعشرين،القاهرة, دار الفجر للنشر.

مصطفى المصعودى، 1985، النظام الأعلام الجديد، عالم المعرفه.

مصطفى مرعى،1980، الصحافه بين السلطه والسلطان، عالم الكتب، القاهره.

مولود زايد طيب، 2009، تأثيرات القنوات الفضائيه فى تكوين الشخصيه الطفل، القاهرة, مطبعة وهران.




DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

يحى كمال پور، 1388، رسانه‌هاى ارتباطى وأزادى د. عصر ديجيتال، روزنامة همشري الكتروني: .http://www.hamshahrionline.ir/News/?id

Allen wells, 1975, Mass Communication, A world view, Mayfield Publication company.

Balkin, J, M: 1998, media filters and th V-chip, yale university. Edu.

Buchele Robert. B, 1977, the management of Business public organization, Tokyo, MC Graw- Hill Kogakusha.

Chris Watson & Roe Shuker, 1998, In the public good? Censorship in New zealand (Palmers ton north, Nz): The Dunmore press.

Gabriel Schoen feld Necessary, 2010, national Security, the media and Rule of law, printed in the united states of America.

Huff Richard, 2007, Tv watch dog is Barking up the wrong tree New york Daily news. From the original on may 18, 2008, Retrieved horembe, 2007.

Lewis Anthony Dexter, 1964, people, Society, and mass communication printed in the united states of America.

Michael. W. Hill, 1998, The Impact of Information on society, An Examination of Its Nature, Value and usage, Publisher: walter de Grwyter & Co.

Peter Phillips, 2007, censor ship and obscurantism in the American media.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020